## نامەی کۆمەڵێك لە بەندیەسیاسیەکانی بەندیخانەی سنە بۆ سەرۆکی دەسەڵاتی دادوری

**کۆمەڵێ لە زیندانیانی سیاسی و ئەمنیەتی بەندیخانەی ناوەندیی سنە لە نامەیەکدا بۆ مەحمود شاهرودی سەرۆکی دەسەڵاتی دادوری لە ئێران باس لە بارودۆخی دادگاکان و ناوەندەکانی دادوەری لە کوردستان و هەلومەرجی بەندیان دەکەن.**

دەقی نامەکە:

سەرۆکی دەسەڵاتی دادوەری

بەڕێز سەید مەحمود شاهرودی

سڵاو ورێز:

لەم کاتەدا هەرچەندە هەلێك رەخسا کە بەڕێزتان سەردانی پارێزگای کوردستان بکەن و لە چوارچێوەی کار و چالاکیەکانتاندا سەردانی ناوەندەکانی دادوری بکەن، بەڵام هەروەك ئاگادارن راستیەکان هەموکات ئەوە نیە کە لە سەر زاری بەرێوەبەران و نۆینەرانی دەسەڵاتدایە بەڵکو پشت پەردەیەکی هەمیشەیی لەو مادە و یاسایانەی کە پشت گۆی دەخرێن و بە شاراوەیی دەمێننەوە لە ئارادایە کە هیچکات جەنابتان لە هیچ کاناڵێکی فەرمی و ناسراوەوە لێیان ئاگادار ناکرێیتەوە.

بەداخەوە بارودۆخی گشتی ناوەندە دادوەریەکانی کوردستان بە تایبەت دادگا و سەردۆزگەری شۆڕش( ئینقلاب)، بە ئاستێك بێ هیوایی پێوە دەبینرێ و لە سەر ئەساسی روانینی دڵخۆاز و  پۆلیسیە کە پێدەچی وێناکردنی بۆ بەرێزتان مومکین نەبێت. تێرامان و چاوکردن لەم بارودۆخە زۆر جار مرۆڤ تووشی گومان دەکات کە ئایا بە راستی دادگا و سەردۆزگەریەکان بەشێکن لە ناوەندە پۆلیسی و هەواڵگریەکان یان بەشێکن لە دەسەڵاتێکی سەربەخۆ بە ناوی دەسەڵاتی دادوەری؟ تەنانەت زۆر جاران خودی دادوەران و لێپرسراوانی دادوەری بە راشکاوانە و یان ناراستەوخۆ گرێدراوی و پایبەندی خۆیان بە ناوەندەکانی دەسەڵات لە دەرەوەی دەسەڵاتی دادوەری رادەگەیەنن و شانازیشی پێوە دەکەن!

ئێمە نوسەرانی ئەم نامەیە پێمان وایە کە چاوپێکەوتنی ئێوە لەگەڵ جەماوەری کوردستان هەلێکی زێرین دەبوو بۆ ئێمەی زیندانیانی سیاسی کە چەن خاڵێکتان پێ رابگەیەنین کە بێ گومان لە بەر چاوی وردبینی ئێوە بە شاراوەیی نەماوەتەو و چەند ساڵ پێش ئێستا لە راگەیەندراوێکدا جەماورتان لێ ئاگادار کردەوە و وەك  رێنمایەك فەرمانتان بە سەرجەم دام ودەزگا دادوری و ناوندە پێوەندیدارەکان کرد، بەلام بەداخەوە وێرای گرینگی ئەم بابەتە لای بەرێزتان و لێدوانە یاسایە یەك لە دوای یەکەکان سەبارەت بەم یەکە، نەك هەر هیچ هەنگاوێك لەم بارەیەوە بۆ بەرێوەچونی بەشێك لە دادپەروەری و لەبەرچاوگرتنی ماف و ئازادی رەوای زیندانیانی سیاسی هەڵنەگیرا بەڵکو هەمیشە و بەبەردەوامی بە پێچەوانەی ئەم بابەتەوە کردەوەی لەرادەبەدەر و هەمیشەیی پێرەو کراوە. بە داخەوە ئەم هەلە بە ئێمە رەوا نەبینرا و نەکرا کە ئەم رونکردنەویە بخەینە بەردەست جەنابتان، لەم روەوە بریارماندا لەم رێگایەوە شیکاریەکی هەلومەرجەکە بکەین و گازندەکانی خۆمان بخەینە رو. ئەساسی ئەم داخۆازینامەیە لە بەر رۆشنایی مادە یاسایەکانی یاسای بنەرەتی کۆماری ئیسلامی و ئەساسنامەی تایبەت بە کاروباری زیندانەکان و بریار و فەرمانی بەرێزتان ئامادە کراوە کە بەداخەوە ئەم یاسا و دەستورانە لەمەر زێندانیانی سیاسی پێرەو نەکراوە و یان ئەگەر لە بەرچاوگیرابێت بە چەن پلە داشکاندن و بە شێوەیەکی زۆر کەم و پر لە کەم و کوری کراوە. هەرچەندە بابەتە ئاماژە پێکراوەکان هەموو داخۆازیەکانی ئێمە نیە بەڵام بەریوەچونی یاسا لەم پێوەندیەدا کۆمەڵێك لە کێشە و کەڵکەڵەکانی ئێمە یەکلا دەکاتەوە.

1 پشت گۆی خستن و لەبەرچاونەگرتنی ناوەرۆکی مادەی 32 لە یاسای بنەرەتی و راگرتنی درێژخایەنی بەندکراو کە هیچ پاساوێکی یاسایی نیە. زۆر جار تۆمەتباری سیاسی بۆ ماوەی چەندین مانگ و تەنانەت چەند ساڵ لە هەلومەرجێکی نادیار و هەڵپەسێردراودا رادەگیرێت و دۆسیەکەی تاوتۆی ناکرێت.

2 راگرتنی درێژخایەن لە ژوری تاکەکەسی زیندانە ئەمنیەتیەکان و زەخت و گوشاری رۆحی و جەستەیی. جگە لەوەی کە لە یاسای ئێراندا بەرێوەبردنی هەرچەشنە ئەشکەنجەیەك قەدەغە کراوە دەبێ ئەم خاڵەش لەبەرچاو بگیردرێ کە خودی راگرتنی درێژخایەن لە شۆێنێك دابراو لە دنیای دەروەو، جۆرێك لە گوشار و ئەشکەنجە دێتە هەژمار و دەبێتە هۆی تێکچونی باری دەرونی و رۆحی کە قەرەبووکردنەوەی لە سەر بار dدەرونی راگیراو زەحمەتە.

3 زۆری و بەرفرەیی رێژەی بەرپرسان و ناوەندی بریاردەر بۆ زیندانیانی سیاسی و یان سنورداربوون و کەم بوونەوەی دەسەڵاتی لێپسراوانی دادوەری لە لایەن ناوەندە ئەمنی و پۆلیسیەکانەوە لەمەر زیندان کە بە پێچەوانەی دەقی مادەی 156ی یاسای بنەرەتی دێت. دەستێوەردانی ناوەندەکانی دەرەوەی دەسەڵاتی دادوەری بە ئاستێکە کە لە زۆربەی دۆسیە سیاسیەکانی کوردستان بریاری دادگا هەر پێشتر دیاریی کراوە و لە گەڵ هەموو وردەکاریەکان بە شێوەی شەفایی یان نوسراوەیی بە دادەوەری تایبەت بە دۆسیەکە رادەسپێردرێت. بە شێوەیەك کە لە بازنەی کاری لێپرسراوە ئەمنیەکان تەنانەت شۆین و شێوازی راگرتنی تۆمەتبار دیاریی دەکرێت.

4 بە کارهێنانی دادوەری کەم ئەزمون و کەم خۆێندەوار لە دادگای گشتی و دادگای شۆرش و رادەستکردنی دۆسیە هەستیارەکان بۆ بەردەستی ئەوان. زۆر جار بینراوە کە هەندێ لە دادوەران یان لێپرسراوانی دادوەری بیرەوەری تاکە کەسی و بنەماڵەیی ناخۆشیان لە کوردستان هەیە کە هەر ئەمە بۆتە لەمپەر بۆ سەربەخۆ بون لە کاری دادوەریدا کە لە ئەنجامدا بە ئاشکرایی شێوازێك لە تۆڵەسەندنەوە لە بریاریی کۆتایی ئەم دادورانە لە دژی تۆمەتباران دەبینرێت. لەبەرچاوبگرن دادوەرێك کە خاوەن

زەینیەتێکی خراپە و دەستی داوەتە دادوری کردنێکی هەستیار و بەزانا بوون یان بە زانا نەبوون کۆمەڵێ مەسەلەی ناپێوەندیدار بە رەوتی دادوریەوە تێکەڵ بە بڕیاری خۆی دەکات، تەسەور بکەن چی رودەدات.

5 بڕیاری تاونبارکردنی بەندکراوانی سیاسی و دیاریی کردن و دەرکردنی کردنی سزای قورس و قورسترین سزا لە یاسادا لە زۆربەی دۆسیەکاندا بە بێ هیچ هۆیەك. لەم پێوەندیەدا هەلومەرجەکە بە شێوازێکە کە سەردۆزگەر و جێگری دادگای شۆڕش و دادوری دادگاکانی کوردستان لە ماوەی دو ساڵی رابردودا بە شێوەیەکی بێ وینە و سەیر بە داوکاریی بەر فراوانی " موحاریب و موفسیدی فی ارز" کە لە ئەساسدا و بە پێی بەڵگە یاسایەکان نەسەلمێندراون. ئەوە دەسەلمێنێ کە لە سەر " موحاریب داتاشین " و دەرکردنی بڕیاری نەگونجاوی وەك لەداردان و زیندانی دەم درێژ لە گەڵ دورخستنەوەدا کەوتونەتە کێبرکێ و هەرکەس هەوڵی سەرکەوتنی خۆی لەم کێبرکێیەدا دەدات!!
گومان و کۆمەڵێ دەنگۆ لە ئارادایە کە ئەم کەسانە لەم رێگایەوە بۆ بەرزبونەوەی پێگەی کار و پێگەی سیاسیان هەوڵ دەدەن و بە پێچەوانەی ئەو سۆز و بەڵێنەی کە داویانە دادپەورەی دەکەنە قوربانی ئامانجی تاکە کەسی و گروپە کەی خۆیان .
پێنەدانی مۆڵەتی ئازادی مەرجدار و لێبوردن بۆ ئەو کەسانەی کە رابردویان نیە. هەرچەندە چەن نمونەیکی زۆر کەم لەم بارەیەوە لەبەرچاوگیراوە بەڵام هەرچەشنە لێبوردن و کەم کردنەوەی سزا بە پێی یاسا وەك ئاماژەی پێدرا بۆ زیندانیانی سیاسی هەر لە بنەڕەتدا قەدەغەیە.

6 پێنەدانی مۆڵەتی چوونە دەرەوەی زیندان بە پێی مادەی 213 و 229 ی ئەساسنامەی کاروباری زیندانەکان و بڕیاری دابینکاری و پەروەردەیی وڵات و بڕیارنامەی بەرێزتان و هەروەها پێنەدانی مۆڵەتی کار. ئەگەریش رچاوی ئەم بابەتە کرابێت بە شێوەیەکی دەگمەن و هەڵاواردە کراوە، بە تایبەت سەردۆزگەریی و خودی "سەردۆزگەر"ی سنە کە تەنانەت هیچ حسابێك بۆ پێشنیار و رێنمایەکانی زیندانی ناوەندی سنە ناکات.

7 خۆ بواردن لە پێدانی مۆڵەتی پێویست و زەروریی بۆ دەرمانی بەندکراوانی سیاسی بە مەبەستی سەردانی ناوەندە پزیشکی و دەرمانیەکان لە دەرەوەی زیندان تەنانەت لە کاتی زۆر پێویستیشدا.

8 رێگەنەدان بە گۆاستنەوەی بەندکراوان بۆ شاری خۆیان و شۆێنی ژیانی بنەماڵەکانیان کە کێشەی زۆری مادی و مەعنەوی بۆ بنەماڵەی بەندیە سیاسیەکان دەخاتەوە.

.9 قەدەغە کردنی دیاریکردن و بوونی پارێزەری یاسایی لە قۆناغە سەرەتایەکانی لێپێچینەوە و لێکۆڵینەوە لە دادگا بە پێچەوانەی یاسا پێوەندیدارەکان.
10 و چەندین نمونەی تر.

هەروەك لە سەرەتاوە ئاماژەی پێکرا ئەمە تەنها بەشێکە لەو کیشە هەمیشەیی و بێ کۆتایانە کە بەندکراوانی سیاسی لە گەڵیدا دەست و پەنجە نەرم دەکەن. ئێمە واژۆ کەرانی ئەم نامەیە، وەك هەژمارێك لە بەندکراوانی سیاسی بەندیخانەی ناوەندی سنە، نەك هەر وەك خۆمان بەڵکو بە نۆینەرایەتی زیندانیانی تری سیاسی کوردستان _ کە دیارە زۆربەی ئەوان بە هۆی ترس لە دەرئەنجامی پێشبینی نەکراوی واژۆ کردنی ئەم داخوازینامەیە و بە لەبەرچاوگرتنی هەلومەرجی تایبەتی خۆیان بە پێچەوانەی خواستی خۆیان کە ناتوانن ئەم نامەیە واژۆ بکەن _ داواکارین بە بەدواداچوونی جیدی و واقیعیانە و گونجاو رێ لە پێشێلکردنی لەوە زیاتری مافی یاسایی و بن پێکردنی دادپەروەری بگرن. رون و ئاشکرایە کە دەسەڵاتی دادوەری دەسەڵاتێکی سەربەخۆیە و دەبێ پشتیوانی مافی تاکە کەسی و کۆمەڵایەتی و بەرپرسیاری پێگەیاندنی دادپەروەری بێت کە وابوو پێویستە جەنابتان دیاریی بکەن کە دە بێ مافی ئێمە زیندانیانی سیاسی کوردستان وەك ئەوەی لە یاسادا هاتووە لە بەرچاو بگیردرێ و پارێزراو بێت و هاوکات پێویستە بەمەبەستی کۆتایی هاتن بە کەم و کوریەانەو بۆپێشگیری لە دوبارە بوونەوەی نادادپەروەریە بەربڵاوەکان لەم پێوەندیەدا و هەروەها بۆ لێپێچینەوە لە گەڵ بەرپرسان و هۆیە حکومیەکانی پێشێلکاری یاسا، میکانیزمێکی زانستی و گونجاو لە سەر ئەساسی رێزگرتن لە مافی یەکسانی هاووڵاتی بوون دابرێژرێت و بەریوەبچێت.

لە گەڵ رێزی بێ پایان دا

کۆمەڵێ لە بەندکراوانی سیاسی بەندیخانەی ناوەندی سنە: سوهراب جەلالی، عەدنان حەسەنپوور، یاسر گولی، حەبیب لوتفی، ساسان بابایی، فەردین مورادی، جەهاندار محەمەدی، ئەمین خاتەم پەنا، ئەمیر سوسوری، سەعید سەنگەر، کاوە تەهماسبی و محەمەد یار ئەحمەدی.
وێنەیەك بۆ:
- نوسینگەی رەهبەری
- سەرۆکایەتی کۆمار
- وەزارەتی ئیتلاعات

- مجلیسی شورای ئیسلامی
- ئەنجومەنی پاراستنی مافی زیندانیان